هۆشەنگ شێخ محەمەد

# چەند سەرنجێک لە بارەی رۆمانی "خەونی پیاوە ئێرانییەکان"

خەونی پیاوە ئێرانییەکان رۆمانێکی "ماردین ئیبراهیم"ە، لە بڵاوکراوەکانی گۆواری ئایندە، لە ساڵی ٢٠٠٨دا چاپ کراوە، لێرەدا هەوڵ دەدەم چەند سەرنجێک لە بارەی ئەم رۆمانەوە بنووسم:

١

لەگەڵ خوێندنەوەی سەرەتای رۆمانەکە، ترسی ئەوەم لێ نیشت، کە کۆپییەکی رۆمانی "سەمەرقەند"ی "ئەمین مەعلوف" بێت، کە "ئەحمەدی مەلا" وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. وێکچوونی ئەو رۆمانە لە کەشکۆڵی چوارینی خەییام و دەستنووسەکەی داستانی مەم و زین دەست پێ دەکات. لە سەمەرقەندا کەشکۆڵی خەییام دەورێکی باڵا دەبینێت و رووبەرێکی گەورەی رۆمانەکە داگیر دەکات. لە خەونی پیاوە ئێرانییەکانیشدا، دەستنووسەکەی مەم و زین دەورێکی ئاوای پێ دراوە. لێ چەندین جیاوازی لە نێوان کەشکۆڵەکەی خەییام لە سەمەرقەندا و دەستنووسەکەی مەم و زینی ئەحمەدی خانی لەم رۆمانەدا هەیە. لە رۆمانی سەمەرقەندا، کەشکۆڵی خەییام، دەبێتە رەمزێک بۆ رۆژهەڵات بە کۆمەڵێ چەمک و بابەت و تێگەیشتن لە مەڕ دین، خواپەرستی، ئازادی، دەسەڵات و عیرفان. لێ لە رۆمانی خەونی پیاوە ئێرانییەکان هەست ناکەین نووسەر ویستبێتی لە رێی

دەسـتنووسی مـەم و زینەوە بچـینە ناو کـۆمـەڵێ بابەت و چەمک بە تێگەیشـتنی تایبـەتی نووسـەر بۆ ئەو دەسـتنووسـە. لە سـەمـەرقـەندا ئێمـە تێ دەگەین کەشکۆڵەکەی خـەییام، دەبێتـە روحی رۆژهـەڵات و دەبێتە روحی خەییام و روحی سـەردەمێک کە تێیدا دەیان کێشـەی فکری و دینی و سیاسی دەتەقنەوە و نووسەری رۆمـانەکـە "ئەمین مـەعلوف" وەک ئەوەی ئەو دەیبـینێت ئەو رووداوە مێـژووییـانە هەم دەگێڕێتەوە و هەمیش وێنەی خۆی بە کارئەکتەرەکان دەبەخشێت و لە پاڵ کەسـایەتییە مێژوویـیـەکانیان، کەسـایەتییـەکی هونەریشـیان بۆ دروست دەکات، بەڵام لەم رۆمـانەدا وێنەیەکی هـونەری بۆ ئەحـمەدی خـانی نابینینەوە کە ماردین ئیبراهیم کێشـابێتی. بۆیە ماردین پێمان ناڵێت هەڵبژاردنی ئەو دەستنووسە و کەسـایەتی خانی لەم رۆمانەدا بە چ نیازێک و بۆ گەیاندنی چ مانایەک، یان بەهایەک بووە؟

٢

سووتاندنی کتێب و دەستنووس، لە سەردەمە جیاوازەکان و لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا و لە بن ستـەمی زۆرێک لە دەسـەڵاتە سیاسی و دینییـەکاندا رووی داوە. بە دەیان نووسـەر و سۆفی و شاعیر نەک هەر نووسینەکانیان، بەڵکو خۆشیان بوونەتە قوربانیی بیروباوەڕ و فەلسەفە و شیعر و نووسینەکانیان. لێ دیسانەوەش لەم رۆمانەدا دیار نییە، دەستنووسی مـەم و زین بۆ بسـووتێنرێت؟! لەبەرئەوەی بە کـوردی نووسـراوە؟ یان لەبەرئەوەی باسی داستانێکی عەشق دەکات؟ «ئەوە ئەگەر عەشق بێت؟!» یان هۆکاری تری سیاسی، دینی و کۆمەڵایەتی تری لە پشتە؟

مەم و زین، چ لە رووی مێژووییەوە، چ وەک بەیت و چ وەک داستانەکەی ئەحمەدی خانی و چ وەک نووسینی تر، لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێمەدا پارێزراوە و تەنانەت من هەست ناکەم گەفی لەناوچوون و سووتاندن و نەمانی لەسەر بووبێ. دیسانەوە دەپرسم هەڵبژاردنی ئەم دەستنووسە بۆچ؟ یان هەڵبژاردنی ئەحمەدی خانی بۆچ؟ ئایا چ مانا و بەهایەکی ئەدەبی لە پشت ئەو هەڵبژاردنەدا دەبینینەوە؟ ئایا لەبەرئەوەی داستانەکە بە شیعر نووسراوەتەوە؟ یان بەها و مانای داستانەکە پاڵدەربوونە بۆ ئەوەی ببێتە گرێژەنەی ئەم رۆمانە؟

من وەڵامی راست و هەقیقیم بۆ هۆکاری ئەو هەڵبژاردنە پێ نییە و ناشزانم لای نووسەر مەم و زین چۆن خوێندراوەتەوە و تێگەیشتنی ئەو چییە بۆ ئەو داستانە، چونکە لە نێو

ڕۆمانەکەدا ناتوانین شتێک لەم بارەوە بزانین. مەگەر تەنیا ئەوەندە بزانین کە لەسەر زمانی باوکی ئەحمەدی خانی ئەوە دەدرکێنێ کە ئەم داستانە دەستنووسێکی گرانبەهایە، بەڵام گرانبەهاییەکەی لە چیدایە؟ دیار نییە. بۆچیش «دەستەی خەنجەرەکانی نیوەی شەو» دەستنووسی گرانبەها دەسووتێنن، دیسان ئەوەش دیار نییە.

لە رووی مێژووییەوە دەستنووسەکەی ئەحمەدی خانی، گەفی لەناوچوونی لەسەر نەبووە، چەندین دەستنووسی هەبووە و گەیشتووەتە ئەرشیفی کتێبخانەکانی لینینگراد و لە ساڵی ١٧٥١-١٧٥٢دا لە لایەن هەمزە مۆکسی ئامادە کراوە و لە ساڵی ١٩١٩دا چاپ کراوە. «بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ئەحمەدی خانی، مەم و زین، پێشەکی و لە چاپدانەوەی: نەجاتی عەبدوڵا. بڵاوکراوەی ئاراس ژمارە ٦٨٩ چاپی یەکەم، هەولێر-٢٠٠٨» هەر ئەم چاپەش لە لایەن کەمالیستەکان بەشێکی زۆری سووتاوە. بەڵام چەند دانەیەکیش ماون و دواتریش چەندین جاری تر چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئیتر وەک دەستنووس "مەم و زین" مەترسی لەنێوچوونی نەبووە و ئەحمەدی خانیش مەترسیی کوشتن و لەنێوچوونی لەسەر نەبووە.

نووسینی مەم و زین، کە پێشتریش وەک بەیت هەبووە، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مەمی ئالان، لەو سەردەمەدا مەترسییەک نەبووە، بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی و دینی عوسمانییەکان. ئەگەر مەم و زین لەبەر هەر هۆیەک بۆ کورد، یان بۆ عوسمانییەکان، گرانبەهاش بووبێ، بەڵام جێگەی مەترسیی نەبووە بۆ ئەوەی دەستەیەک ئەرکی سووتان و فەوتانی لە ئەستۆ بگرن.

ڕەنگە ئەگەر لە ڕۆمانەکەدا ئاماژە بۆ سەردەمی کەمالیستەکان کرابا، بەوەی دەستنووسەکەی هەمزە مۆکسی دوای بڵاو کردنەوەی مەترسیی لەنێوچوونی لەسەر بووایە، لە رووی مێژووییەوە راستگۆتربا. ئەوکاتە دەمانزانی هۆکارە سیاسی و خەونەکانی ئەتاتورک لە پشت ئەو مەترسییەوەن، بەڵام لە سەروبەندی ئەحمەدی خانی خۆیدا، ئەمە زۆر بە راستگۆیی خۆی نمایش ناکات.

٣

گەڕانەوە بۆ مێژوو لە ڕۆماندا، کارێکی چێژدارە و دەتوانێت کۆمەڵێ مانا و بەهای نوێ لە گەڕانەوەیەدا بەرهەم بێنێتەوە، بەڵام ئەمەش هەر بە قسە ناکرێت. بەڵکو پێویستی بە

زەمــینە خــۆشکردن و تێگەیشــتنێکی نوێ هـەیە بۆ مــێــژوو و بۆ خـوێندنەوەی مـێژوو و سـەوداكردن لەگەڵ مـێـژوودا لە ڕێی ئەدەبدا. چونکە ڕۆمـان تەنیا مـێژوو ناگـێـڕێتـەوە لە پێناو گێـڕانەوە و بەس، بەڵکو ئەدەب دەتوانێت مـانای نوێ لە مـێـژوودا بەرهـەم بێنێت، بەڵام ئەم ڕۆمـانە لـە گـەڕانەوەی بۆ مێژوودا تـوانیـویەتی مـانـایەکی نوێ بە کـەسـایەتییـە مـێژوویی و ڕووداوە مـێژووییـیـەکـان و خـودی مـێژووش ببـەخـشـێت؟ وەڵامـی من ئەوەیە: «گـومـانم هـەیە» چونکە کـارەکـەی مـاردین، لەو ڕووەوە ئەدەبێک نییـە مـانای نوێم بداتێ سـەبارەت بە مـێژوو. بۆ نموونە مـەم و زین لە تێگەیشـتنی ماردیندا لەوە دەرناچێت کە داستانێکی خۆشەویستییە و مانای خۆشـەویستی دەتوانێ بە کەسـێکیش ببـەخشـێت کـە دڵڕەقە و بیـری لە سـووتاندنی ئـەو دەسـتنووسـە کـردووەتەوە. "شـەوکەت" کـە دەسـتنووسـەکـە دەدزێت و دەیخـوێنێتـەوە دڵبەسـتـەی دەبێت، چـونکە برینی کۆنە عەشـقەکەی دەهێنێتەوە یاد. «ئەو دەمـەی شـەوکەت لە خوێندنەوەی دەسـتنووسـەکـەدا دەگـاتە ئەو شـوێنەی مـەم لەگـەڵ تاژدینی برادەری دەکـەونە ناو پێـوەندییـەکی ئـاڵۆز و بە ئازارەوە لەگەڵ هـەردوو کچەکانی میر زێندینی بۆتان ستی و زین، ئینجا زیندانیکردنی مەم لەلایەن میرەوە بە قسـەی نۆکەرێک بە ناوی بـەکر مەرگەوەڕ، دواتریش دەگاتە ئەو شـوێنەی مەم بە چ عەزابێکەوە لە زینداندا دەمرێت، عەشقی ناکامی خۆی بیردێتەوە ئەو کاتەی تازە لاوێک بوو بەتەواوی مـووی ڕیشی نەهـاتبـوو لە ترسی هـەڕەشـەی کـەسوکاری گـراوییـەکـەی خۆی گوندەکەی خـۆیان جێ دەهێڵێت و لەگەڵ بـراکانی ڕوو دەکەنـە مـاڵاتیا، دەرەوشـانەوەی ئەو برینانەی عـەشقێکی کۆنەسـاڵ لە دڵی شـەوکەتدا جێـی هێشـتبـوون وا دەکات شـەوکەت هـەست بە بێ ئارامی و پەشـیـمـانییـەکی زۆر بکات لە دزینی ئەو دەسـتنووسـە» لاپەڕە ٣٢ لە ڕۆمـانەکە.

لەم پەرەگـرافـەی سـەرەوەدا، دەسـتنووسی مـەم و زین هـەروەک خـۆی بێ دەسـتلێـدان لە ماناکانی ماوەتەوە، هـەموو چەمکەکانی "خـۆشەویستی، نۆکەریی، عەشق، برینی دڵ و دزین و پەشـیـمـانی" وەک خـۆیانن و هـەمان مـاناکـانی ئەحمـەدی خـانی بەرهـەم دەهێننەوە. نەوەک شـتێک کە ئەو مێژووە ببڕێت و لەوێوە دەربازی سـاڵی ٢٠٠٨ بێت و مـانای نوێ لە هـەناوی ئەو داسـتانەدا بەرهـەم بێنێت. ئەم مـانایەش چ لەو سـەردەم و چ لە ئێسـتـادا، هۆکـار نین بۆ سـووتان و لەناوبردنی ئەو مـانا و بەهـایانـە. بۆیە سـەوداکردنی مـاردین لەگەڵ مـێژووی ئەو دەستنووسـە و ئەحمەدی خـانی سـەودایەکە لە گێڕانەوە تێ ناپەڕێت و مـانایەکی نوێ خەلق

ناکات.

٤

دابەشکردنی ڕۆمانەکە بە پێی ڕووداوەکان بۆ چەند یەکەیەکی جیاواز، لە ڕووی مێژوو و کاتی گێڕانەوەکان و جوگرافیای جیاواز و ڕووداوی جیاواز و کارئەکتەری جودا، بۆ من خۆشییەک و چێژێک بوو، چونکە ڕۆمانەکە لە ئەلبوومێک دەکات کە دەیان فۆتۆی تێدایە، هەر لاپەڕەیەکی ئەو ئەلبوومە وێنەی کەسێک و شوێنێک و ڕووداوێک نیشان دەدات، کە دیسانەوە لە لاپەڕەکانی تر دەیانبینییەوە، فۆتۆیەکان بریتین لە قوربانی و جەلاد، نەخۆش و مردن، دیل و چەکدار، کورد، ئەلبانی، عەرەب، تورک، ئێرانی و بیانی، کۆمەڵێ شکل و شەمایل و دەروون و بیرکردنەوە و دەسەلات و هێز و هزری جیاواز لە ناو ئەو وێنانەدا جێگەیان گرتووە. ماردین لە گێڕانەوەی ئەو وێنانەدا لە شەڕ و کوشتن و نەخۆشی و خوێنڕشتن و خنکان و مردندا بە هوروژم هێرشی سەر هەستەکانمان دەکات و تەنانەت دەشمانگریەنێت! کە وەک مرۆڤێک تەماشای ئەم فۆتۆیانە دەکەین بە تایبەتی لە "تفەنگە ڕەشەکان، دۆڵی فەقێکان، ئەو کوڕی خانەدانێک بوو، هەڵسانەوەی ئیشماعیلۆف، دەنکەهەنار و کوشتنی دوو سەربازی دیل" تووشی حاڵەتێکی سۆزداری و هزریی ئینسانی قووڵمان دەکات بەرامبەر بە کوشتنی ئینسان. حاڵەتێک کە بە کورتی پێمان دەڵێت: مرۆڤ چەند بەدبەختە؟!

دیارە کوشتنی مرۆڤ، شتێکی غەریب نییە. بە تایبەتیش ئێستا لەگەڵ سەردەمی فیلم و سینەمای ئەکشن، بینینی کوشتنی مرۆڤ، هەتا لەو فیلمانەی باسی ڕووداوەکانی شەڕە جۆراوجۆرەکان دەکەن، بووەتە کەرەستەیەکی ئیستهلاکی بە شێوەیەک، کە چێژ دەبەخشێتە بینەر، بینەری مرۆڤ! بەڵام ماردین لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەدا زۆر بە قووڵی بەرەو ئیرادەیەکمان دەبات کە نەفرەت لە جەنگ و شەڕکەرەکان بکەین هەتا ئەگەر پێشمەرگەی کوردیش بن؟! ئەم حاڵەتە ئینسانییە لە گێڕانەوەی کوشتنەکاندا، کارێکی جوان و پێویستە بۆ ئەوەی وەک خوێنەر لەگەڵ ئەو هەستە قووڵانە بژین کە پێمان دەڵێت بەڕاستی مرۆڤ لە بەرامبەر مرۆڤ دڕندەیە. ئەم دڕندایەتییەش کە مرۆڤ بەدبەخت دەکات، لەعنەتێکی خوایی و غەیبی نییە، بەڵکو تێگەیشتنی شۆڕشگێڕ و ئەقڵی پووتی سەرکردەکانی لە پشتە، کە لە دین و سیاسەتەوە سەرچاوە دەگرن.

٥

لەو رۆمــانــەدا، دەتوانـین لە ڕێی ئەو فــۆتۆیانە، سێ ئاراســتــە ببـینینەوە، کـە ئەوانیش ئاراسـتـەی سـیـاسـەت، دین و ئەدەبن، لە ئاراسـتـەکـانی دین و سـیـاسـەتدا، دەبینین مـرۆڤ بەرەو کـوشـتن و کــاولکاریی و مــاڵوێرانی دەچێت، منداڵ و ســروشت و زانـین و خانەدانیی و بەها و مانا جوانەکان فت دەکرێن.چ لە بۆسنە و چ لە کـوردسـتــان ڕووداوەکـان کـارەسـاتی گـەورە دەنێنەوە، کـە ئەقـڵی دینی و سـیـاسـی لە پشـتـە.دزینی ڕوحی مـرۆڤـەکان، «بڕینەوەی سـەریان و بردنیان بۆ پایتـەخت بەرامـبـەر پارە دزینی منداڵ و کوشـتنییان لە دۆڵێکی تاریکدا، بڕینەوەی کێر و گونی ئینسان و فڕێدانی بۆ ناو دۆڵێکی تەڕ و بەجێهێشتنی لەبەر باراندا، مانەوەی تـەرمی مرۆڤێک بۆ ماوەی چل ڕۆژ لە تـەنیــایی و بۆگــەنی بووندا»، هـەمــوویان دزینی جــوانی و دزینی بەهـا و مــانا ئینسانییەکانە لە ژیاندا.

دواتریش دزینی دەسـتنووس و دزینی وشـە و ئەدەبە. کە لە پێناو ئەم دەسـتنووسـەشـدا، دەیان کـەس خـوێنییـان دەڕژێ و دەکوژرێن. چ پیاوە ئێرانییـەکان و چ هەڵاتنی خـانی و کوشتنی لاس و دایکی لاس.

٦

خـەون، وەک کـەرەسـتـەیەک کە بە قووڵی پێوەندیی بە ڕووداوەکانەوە هەیـە، کراوەتە ئەو هۆکارەی کارئەکتەرەکان، بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بە دەستنووسـەکەی مەم و زینەوە هـەیە، "پیاوە ئێرانییەکان و لاس" لە ڕێی خـەونەوە دەگـەنە "خوسـرەوی" و چارەنووسیـان بە کوشـتن دەگات. لە خـەونەکەدا پیاوە ئێرانییەکان "مریەمی مەجدەلی" و کۆمەڵێ هێمای دینی دەبن "مزگـەوت، ئینجیل، میـحراب، قورئان و پەڕۆی سـەوزی تۆخ" بەکاربردنی کارئەکتەری مـریەمی مەجـدەلی و ئەو ڕەمزە دینییە مەسـیحی و ئیسلامـییانە لەو خـەونەدا. گێڕانەوەی ڕووداوەکانە بۆ ناو فانتـازییـایەک کە بـە بەرگی دینییـەوە داپۆشـراوە. ئایا ئەم ڕووداوانە بۆ بۆ دین گـەڕاونەتەوە؟ ئامـانجی نووسـەر لـەم خـەونە دینییـە چییـە؟ هـەر لە ڕێی ئەم خـەون و ڕەمزە دینییانەدا دەیەوێت پیرۆزییەک بە دەستنووسەکەی مەم و زین ببەخشێت؟

دین ڕێی غـەیبـانییـەت و خـورافـەمان بۆ خـۆش دەکـات، خـەونیش دەمانباتە ناو فـانتـازیا.

جیاوازی غەیب و فانتازیا لەوەدایە، کە فانتازیا مرۆڤ بەرەڵا دەکات، بەڵام غەیب و خورافە بە پێچەوانەوە قۆڵبەستی دەکەن، **فانتازیا دەتوانێ پیرۆزییەکان تێک بشکێنێت، بەڵام غەیب خۆی سەرچاوەی پیرۆزییە**. لەگەڵ فانتازیادا چارەنووسی مرۆڤ ناگیرێت، لێ خورافە و غەیب قۆڵبەستییان دەکات. ماردین لەو خەونانەدا زیاتر لە غەیب و خورافە نزیک دەبێتەوە نەوەک فانتازیا. بۆیە چارەنووسی پاڵەوانەکان پێشوەختە لەلایەن خوسرەوییەوە دەخوێندرێنەوە و بڕیاریان لەسەر دەدرێت. ئەگەر سرووتی ڕۆمانەکە فانتازی بووایە ئەوە دەکرا چارەنووسەکان لە دەرەوەی خوێندنەوەکانی خوسرەوی بۆ خەونەکان بە شێوەیەکی تر خۆیان نمایش کردبا. ئەم خەونە خوارفەیە، نەوەک فانتازیا.

٧

لەم ڕۆمانەشدا، وەک هەموو ڕۆمانە کوردییەکان بێ ئاورتە، نووسەر کۆنترۆڵی کارئەکتەرەکانی دەکات، کارئەکتەرەکان ئەوەندەی "پاڵەوان"ن، ئەوەندە کارئەکتەری ئاسایی و ئازاد نین. دەڵێم پاڵەوان، چونکە ڕۆماننووسی کورد بە گشتی هەمیشە خەریکی خوڵقاندنی پاڵەوانە، بەو مانایەی کەسایەتییەک کە لە مێشک و بیرکردنەوەی نووسەر دەرژێت وەک ئەوەی نووسەر ژێدەری بێت و تا دوا ساتیش ئەو پاڵەوانە نابێتە کارئەکتەر بۆ ئەوەی لەدەست نووسەر ڕزگاری بێت و ئازادانە بە ئیرادەی خۆی لە ناو ڕۆمانەکەدا بژیەت. سەرچاوەی ئەو گرفتە لە ڕۆمانی کوردیدا لەوەدایە، کە نووسەری کورد بە گشتی، بڕوای بە خەڵقکردنی پاڵەوانە، نەوەک کارئەکتەر، پاڵەوانیش هەمیشە مەحکومە بە بیرکردنەوەی نووسەر و سەرچاوە فیکرییەکانی نووسەرەوە، کە ئەویش مێشکی نووسەرە، سەرچاوە فیکرییەکانی مێشکی نووسەری کورد خوێندنەوە و کتێب و سەرچاوە ڕۆشنبیرییە جیاوازەکانن، ئەو قسەیەی نووسەری کورد لە شیعر و ڕۆمان و ئەدەبدا دەیکات، مەحکومە بە تێگەیشتن و بیرکردنەوە و مێشکی نووسەرەوە، مێشکی نووسەریش هەمیشە پاڵەوانەکان بە بندەستی قسەکانی خۆی خەڵق دەکات، هەر **وشەی "پاڵەوان" ئاماژەیەکە بۆ کۆنترۆڵی نووسەر لە خەڵقکردنی کەسایەتییەکانی نووسینەکەی و ڕژانی قسەکانی مێشکی بۆ ناو ئەو پاڵەوانە**. پاڵەوانەکان تەنیا مێشکیان هەیە نەوەک جەستە، چونکە نووسەرەکان تەنیا بە مێشکیان دەنووسن و بە تەواوی جەستەیان نانووسن. **نووسین بە**

**مێشک و بە تەواوی جەستە «پرۆژەی نووسینێکی تری سەربەخۆیە» جیاوازییەکی گەورەی هەیە،** تا ئێستا کورد نووسەری نەبووە، تاک و تەرا نەبێت! توانیبێتی قسەکانی چاو و دڵ و دەست و پەنجە و بەشەکانی تری بگوازێتەوە بۆ ناو ئەدەب. لەم رۆمانەشدا ئەوەی لە مرۆڤەکاندا گوێزراوەتەوە تەنیا قسەی مێشکیانە نەوەک تەواوی جەستەیان.

**(٨)**

لە کۆتاییی ئەم سەرنجانەم دا، ئەوە دەڵێم، خۆشحاڵ بووم بە خوێندنەوەی ئەم رۆمانە، زمانەکەی رەوانە و سادەیی بە خوێندنەوە دەبەخشێت و چێژ دەدات، رۆمانێکی کوردییە، خۆشم هەرگیز بڕوام بە سەرکەوتن و بنکەوتنی نووسین نییە، تا بڵێم سەرکەوتووە یان نە، بە قەد ئەوەی من بڕوام بە خوێندنەوە و سەرنجدان و رەخنە و قسە لەسەرکردن هەیە، ئەوەی لێرە کردم نە رەخنەیە و نە خوێندنەوە، تەنیا قسەی بەشێکی جەستەی منە و هیواداریشم ماردین تەواوی جەستەی کاردانەوەیەکی جیاوازتری هەبێت لە مێشکی. بۆ ئەوەی بتوانێت بە تەواوی جەستە بابەتێک بخوێنێتەوە کە لەسەر رۆمانێکی ئەو نووسراوە.

من ماردین ناناسم و ئەویش نامناسێ، بەڵام دڵنیاشم لە رێی ئەم نووسینەوە چۆن دەیان کەسی لە من نزیک کردەوە و پێی ئاشنا کردم، ئەوە ئەو نووسینەش ماردین بە چەند کەسێکی تر ئاشنا دەکات، پێش هەمووشیان گیانی کارئەکتەرەکانی ناو رۆمانەکەی خۆی، کە دەکرێ دوای ئەو نووسینەم، ئۆفیلیا بە ناوی هەموویانەوە نامەیەک بۆ ماردین بنووسێت و باسی چەندین بەشی تری ژیانی کەسەکان بکات و لە پاڵەوانەوە بیانکاتە کارئەکتەری ئازاد و خاوەن ئیرادەیەکی بێگەرد، کەواتە ماردین گیان چاوەڕێی نامەیەک لە ئۆفیلیا بکە، کە رۆژێک لە رۆژان بگاتە ناو پۆستەکەت.